# کابینەی نوێی عێراق لە ئەزموونی راستەقینەی حوکمڕانیدا

18-12-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** ئێستا هاوپەیمانییەکەی نوری مالیکی و بزووتنەوەی عەسایبی قەیس خەزعەلییە، یەکەمیان راگری سیاسی حکومەت و دووەمیشیان پاڵپشتی چەکدارییەتی، هەردوو راگرەکەی حکومەتیش لە پشت پەردەوە لەسەر دابەشکردنی پۆست و پلە هەستیار و باڵاکان لە کێشمەکێشدان.

لە مانگی دووەمی تەمەنیدا، کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی قۆناخی ئەزموون و پیرۆزبایی و هەوڵی تێگەیشتن لە دۆسییەکانی تێپەڕاند و کەوتە قۆناخی جێبەجێکردن و بڕیاردانەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا فۆڕمی تەواوەتی حکومەتەکە بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەکانەوە هێشتا گەڵاڵە نەبووە. جەمسەرە سەرەکییەکانی ئەم ناکۆکییەش ئێستا هاوپەیمانییەکەی نوری مالیکی و بزووتنەوەی عەسایبی قەیس خەزعەلییە، یەکەمیان راگری سیاسی حکومەت و دووەمیشیان پاڵپشتی چەکدارییەتی، هەردوو راگرەکەی حکومەتیش لە پشت پەردەوە لەسەر دابەشکردنی پۆست و پلە هەستیار و باڵاکان لە کێشمەکێشدان.

پێشتر سوودانی جەختی کردەوە کە کاری لە پێشینەی حکومەتەکەی لێپێچینەوەی "گەندەڵە گەورەکان" دەبێت، بەڵام لەم ماوە کەمەی دەستبەکاربوونیدا دوو پێشهاتی شۆکهێنەر لە دۆسیەی دژایەتی گەندەڵی روویانداوە؛ نور زوهێر کە تۆمەتباری یەکەمە لە "دزی سەدە"، ئازادکرا بە پاساوی ئەوەی بتوانێت موڵك و خانووەکانی بفرۆشێت بۆ گێڕانەوەی پارەکە، ئەوەشی تاوەکو ئێستا گەڕاوەتەوە لە پارە براوەکەی باجی کۆمپانیاکان، تەنیا 317 ملیار دینارە لە کۆی 3.7 ترلیۆن دینار کە دەوروبەری 1/ 10 ی کۆی سەرجەم پارە دزراوەکان دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا دەستەی دەستپاکی ئاشکرایکرد دادگا رازی بووە بە سەرلەنوێ دووبارە کردنەوەی دادگایی کردنی بەڕێوەبەری پێشووی خانەنیشنی و بەڕێوەبەری کۆمپانیای (کی کارد) کە لە سەردەمی کازمیدا تۆمەتبار کرابوون بە بەرتیل و خستنەلای سامانی گشتی بە بەهای ملیارەها دینار. یەکەمیان شەش ساڵ و دووەمیان چوار ساڵی زیندانی بەسەردا سەپێنرابوو. حوکمەکەش لە تێهەڵچوونەوە پلەی کۆتایی وەرگرتبوو، بەڵام ئەگەری هەیە لەم پێداچوونەوەیەدا لەسەریان سووك بکرێت. ئەم دوو پێشهاتەش بێهیوایی و رەخنە و گومانی زۆری لە توانای حکومەتی نوێ دروستکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی کە لە حاڵەتی تاکە کەسییەوە گۆڕاوە بۆ سیستمێکی ئاڵۆزی پەلوپۆدار کە ئەگەر سەرۆکوەزیرانەکانیش بیانەوێت بەرەنگاری ببنەوە، ئەوە لەمپەر و رێگر و بەرگریکاری دیکەی بەهێز رێگرن و ناهێڵن بەرژەوەندییەکانیان تێك بچێت.

لە ناوخۆی ماڵی شیعەدا سوودانی بە زیادکردنی ژمارەی راوێژکاران و دامەزراندنی زیاتر هەوڵی هێورکردنەوە و رازیکردنی لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی دەدات، ئەم رازیکردنەش گەیشتووتە ئاستی ئەوەی هەندێك پەرلەمانتاری سەربەخۆ بەگاڵتەوە باس لەوە دەکەن "ژمارەی راوێژکاران بەشی بەرەنگاربوونەوەی چین دەکات"، سەرباری ئەوەش لەسەر پۆستە ئەمنییە هەستیارەکان ململانێ هەر بەردەوامە و لەو نێوەندەشدا رەخنەی ئەوە لە سەرۆکوەزیرانی نوێ دەگیرێت کە دەزگای هەواڵگریی پڕ کردووە لە ئەفسەرانی عەشیرەتەکەی خۆی. ئەمە لە کاتێکدا هەڵپەی گرووپە چەکدارەکان بۆ دەزگاکە بەردەوامە و سوودانی لێی روونە بەخشینی ئەو پۆستانە بە گرووپە چەکدارەکانی شیعە کێشەیەکی گەورەیە بەو پێیەی ڤیتۆی ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعشیان لەسەرە. بەهۆی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی زۆر شتی حکومەت بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، دیارترینیان چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ نرخی نەوت و دینار بەرامبەر دۆلار. ئەمەش ئەگەری تێپەڕاندنی بودجەی دواخستووە بۆ شوبات و ئاداری 2023، لەکاتێکدا ئەوە یەکلاییە بەبێ بودجە حکومەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ جێبەجێ ناکرێت و هەر بەم هۆیەشەوە حکومەت ناچارە لە کانونی دووەمی 2023 دا مووچە بە گوێرەی یاسای بودجەی 2021 بدات و ئەمەش هەنگاوێکی بێ پێشینەیە لە عێراقی پاش 2003.

پێکدادانە ناوخۆییەکانی سوننە کە پێکهێنەرێکی سەرەکی حکومەتن، لێکەوتە و سێبەریان بەسەر بارودۆخەکەوە هەیە، هەر لەو کاتەی کە بەرەی عەزم بەگەرمی سەرقاڵی لادانی محەمەد حەلبوسین لە پۆستەکەی، سەرۆکی پەرلەمان لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا هۆشداری ئەوەی دا کە ساڵی 2023 یەکلاکەرەوەیە و رەنگە پرۆسەی سیاسی هەرەس بهێنێت، ئەم هەڕەشانەش بارگرانییەکانی حکومەت قورستر دەکەن کە بۆ جێبەجێکردنی گفت و رێککەوتنەکانی پێوستی بە ئۆقرەیی و دۆخێکی هێور هەیە. بەتایبەت کە هەندێك لەو گفتانەی بە هێزە سوننەکان دراون قورسن و هەندێکیشیان لە چەشنی کشاندنەوەی حەشد لە شارەکان، هەستیاری زۆر دروست دەکەن و هەندێکی تریشیان کە پەیوەستن بە ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەرو شوێنەکانی شارە سوننەکان و پاکتاوکردنی دۆسیەکانیان، لێکەوتەی جۆراوجۆری تاوانکاری هەیە و دەشێت ببنە بەڵگە بۆ رووداونی کۆمەڵکوژی بەدەستی چەکدارە شیعەکان لە ساڵانی شەڕی داعش.

هەرچەندە رەنگە هیچ کاتێک هێندەی ئێستا ناکۆکی دوو هێزە کوردییەکە گۆشەی بەریەککەوتنەکانیان تیژ نەبووبێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی شیعە، هێشتا لێکەوتەی لەسەر ئاستی بەغدا بە روونی دەرنەکەوتووە. لەبارەی دۆسیە ئاڵۆزەکانی نێوان هەولێر و بەغداش، حکومەتی فیدراڵی رێگا ئاسانەکەی هەڵبژارد کە چارەسەری کاتی و کورت مەودایە بە بڕیاری هەناردنی 400 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان و گفتوگۆ لەبارەی دروستکردنی قۆناخێکی راگوزەر لە دۆسیەی نەوت، چونکە گەیشتن بە رێککەوتنی درێژخایەن ئامادەسازیی هەردوولا و زەمینە و ئیرادەی سیاسی پێویستە، ئەوەش لە ئێستادا نە لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی بەردەستە، نە لەبەغداش بارودۆخەکەی لەبارە. ئەمە لەکاتێکدا مۆڵەتی یەکلایی کردنەوەی یاسای نەوت و دادگای فیدراڵی تەنیا شەش مانگە و تاوەکو کۆتایی پشوی پەرلەمان رەنگە نیوەی وادەکە کۆتایی بێت.

لەسەر ئاستە گشتییەکەش لەبری گۆڕانکاری خێرا و گشتگیر سەرۆکوەزیران گیرۆدەی هەڵکشانی زۆری نرخی دۆلارە لەکاتێکدا هەڵمەتی

چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەکان هەرزانکردنی نرخەکەی بووە. هەروەها سوودانی لەهەوڵی گۆڕینی هەندێك بەرپرس و پارێزگارە، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، بۆ ئەم مەبەستەش مۆڵەتی 3_6 مانگی داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرپرسانی کابینەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی، راوێژکارەکانەوە تا وەزیرەکان، بەهیوای ئەوەشە بتوانێت بەم میکانیزمە ئەو کەسانە بگۆڕێت کە دوور لە خواستی خۆی بەسەریدا سەپێنراون، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی ناتوانێت بیانگۆڕێت، لەم میانەیەشدا پێنج پارێزگار کاندیدن بۆ ئەوەی بگۆڕدرێن.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی دروشمە سەرەکییەکەی حکومەتیش کە پێشکیشکردنی خزمەتگوزارییە، حکومەت خۆی پابەند کردووە بە دروستکردنی 2000_5000 هەزار قوتابخانە و دابەشکردنی نیو ملیۆن پارچە زەوی لەگەڵ قەرزی ئاسان کە هەنگاوی وەبەرهێنانن، لە بەرامبەریشدا حکومەت گەڕاوەتەوە بۆ میکانیزمە کۆنەکەی هەوڵی رازیکردنی خەڵك کە گفتی دامەزراندنە، ئەویش لەڕێگای زیادکردنی ئەوانەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە لەگەڵ جێگیرکردنی گرێبەستەکان و بە گرێبەست کردنی ئەوانەی بە کرێ کاری گشتی دەکەن. ئەم هەنگاوەش ئەگەرچی بەلای ئابووریناسان و شارەزایانەوە "کارەساتە"، بەڵام بەرزی نرخی نەوت یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی، چونکە ئێستا عێراق بووەتە خاوەن گەورەترین یەدەگی نەختینە لە مێژووی خۆی کە 90 ملیار دۆلارە.